زوهدی ئەهلی سوفە وهاوەڵان بە شێوەیەکی گشتی لە دونیادا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «حەفتا کەسم لە ئەهلی سوفە بینی، هیچ یەکێکیانم نەبینی کە کراسی لەبەردا بێت (کە بەشی سەرەوەی لاشە دابپۆشێت)، یان ئیزار (جلی نیوەی خوارەوەی لاشە) یان چارۆکەیان لەبەردابوو بە ملیانەوە بەستبوویان؛ تێیاندا بوو گەیشتبوو بە نیوەی ساقەکانی وتێیاندا بوو گەیشتبوو بە قولەپێکانی، وهەندێک بە دەستی کۆی دەکردەوە وهەڵیدەگرت بۆ ئەوەی عەورەتی دەرنەکەوێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەهلی سوفە لە هاوەڵانی پێغەمبەرن -صلى الله عليه وسلم- بوون لە کۆچکەرە هەژارەکان کە خاک ومااڵی خۆیان جێهێشت لە مەککە وکۆچیان کرد بەرەو مەدینە لە پاش ئەوەی خاکی خۆیان خۆشەویستتر شوێن بوو بەالیانەوە. وئەهلی سوفە زیاتر لە حەفتا پیاو دەبوون، وسوفە شوێنێک بوو کە سێبەری تێدا بوو لە گۆشەیەکی مزگەوتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە لەوێدا هەژاران لە کۆچکەرەکان دەخەوتن. ئەو جلەی کە لەبەریان دەکرد لە هاوین وزستاندا ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی دەکات وخۆی یەکێک بوو لە ئەوان، دەڵێت: (هیچ یەکێکیانم نەبینی کە کراسی لەبەردا بێت -کە بەشی سەرەوەی الشە دابپۆشێت-): واتا بۆ ئەوەی یەکێکیان کراس بپۆشێت لە بەشی نیوەی سەرەوەی الشە ئەوا پێویست بوو لە خوارەوەی ئیزار بپۆشێت بۆئەوەی نیوەی خوارەوەی الشەیشی داپۆشراو بێت، کراس بۆ نمونە ئەمڕۆ وەکو -قەمیس وچاکەت- دەگرێتەوە، وئەبو هورەیرە باسی ئەوە دەکات کەسیان کراسێکی نەدەدۆزیەوە بۆ ئەوەی لەبەری بکات، بەڵکو یەک پارچە جل لەبەریاندا بوو لە سەرەوە بۆ خوارەوە جاری وابوو هەتا نیوەی ساقیان یان تۆزێک لە خوارتر بوو. ودەڵێت: (یان چارۆکەیان لەبەردابوو بە ملیانەوە بەستبوویان): واتا جلەکانیان دەبەست بە ملیانەوە هەروەکو چۆن منداڵ جلەکانی دەبەستێتەوە لەالی ملەوە ئەمیش چونکە جلەکە وەکو پێویست نەبوو بۆ پۆشین. (تێیاندا بوو گەیشتبوو بە نیوەی ساقەکانی): واتا درێژی ئەم چارۆکانە لە شانەوە هەتاوەکو الی نیوەی ساقەکان بوو؛ واتا لەسەرەوەی قولەپێکان ولە ژێرەوەی ئەژنۆکان. (وتێیاندا بوو گەیشتبوو بە قولەپێکانی، وهەندێک بە دەستی کۆی دەکردەوە وهەڵگیدەگرت بۆ ئەوەی عەورەتی دەرنەکەوێت): واتا لە کاتی نوێژدا جلەکانی کۆدەکردەوە لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردن بۆ ئەوەی عەورەتی دەرنەکەوێت، ئەمیش حاڵی زۆربەی هاوەڵان بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-، لەسەر هەژاری وپێویستی ژیان وخوویان نەگرت بە دونیا وڕازاوەکانی، وهەتا تەنانەت کاتێک دونیاشیان هاتە بەردەست خۆیان پێوە سەرقاڵ نەکرد، بەڵکو لەسەر قەناعەت وزوهدی خۆیان مانەوە، هەتاوەکو گەڕانەوە بۆ الی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3645